سەماحەتی حەکیم لە یادەوەری قەسابخانەکەی سپایکەر : دەست دەگرین بە بەدی هێنانی داپڕوری و داوای یەکیزی و نەهێشتنی ڕق و کینە دەکەین



لە یادەوەری سالانەی قەسابخانەی سپایکەر بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی دێتەنگی و هاوسەزی خۆی بۆ ئەو تاوانە گەورەیە کرد و بەیەکڵك گەورەترین ئەو تاوانانەی هەژمار کرد کە نیشتمانی بریندار ڕووبەڕووی هاتوەتەوە، کە تێیدا 1700 لاوی عێراقی بە تاوان بوونە قوربانی دەستی تیرۆری زاڵم.

بەڕێز حەکیم لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئێم تاوانە ترسناکە لە یادەوەری عێراقدا دەمێنێتەوە و وەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانە سووربوونمان بەهێزتر دەکات بۆ بەدواداچوونی دادپڕوری و بەردەوامبوون لە داواکردنی لێپرسینەوە لە هەموو ئەوانەی تەوگلاون یان ئەوانەی بە هەر شێوەیەك پشتگیری لێدەکەن تەئکیدیشیکردەوە لەسەر پێویستی کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێم جۆرە کارەساتانە لەعیراقی خۆشەویستماندا و ئاماژەی بۆشکرد کە خوێنی پاکی شەهیدان وەك ڕووناککەرەوەی ڕێگای ئازادی و کەرامەت و هاندانێکی بەردەوام بۆ بنیاتنانی عێراقی نوێ و پتەوکردنی سەقامگیریی دەمێنێتەوە..
بەڕێز حەکیم لێم بارەدا داوای لە هەموو عێراقییەکان و تاك و دامەزراوەکان کرد کە واز لە تیرۆر و تووندوتیژی و ڕق بهێنن و پەرە بە کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتی مەدەنی بدەن و بەوایان بە یەکیزی نیشتمان و هەمەچەشنی پێکهاتەکانی هەبەت وەك کێشکێکی سەرکی بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی ئارام و خۆشگوزەرانی...

لەکۆتایی بەیانەکەدا سەماحەتی نزای بۆ شەهیدانی سپایکەر و هەموو شەهیدان عێراق کرد و نزای کرد کە خودای گەورە بەهەشتی پان بەرینیان شاد بکات.